# پـــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. ( 3257)] **ساڵی** 2022

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی: چاکسازی و گۆڕینی بۆری ( 900 ) ملم بۆ کانی شەیتان لە قەزای چەمچەماڵ

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە, سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (1,000,000) یەك ملیۆن دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

1- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی(2022/5/24 ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی( 2022/6/6) لەکاتژمێر (9) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (12:00 )ی نیوەڕۆ .

2- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (2022/6/9 ) کاتژمێر (10:00) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

3- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی ( 2022/6/9 )دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر (10) ی پێش نیوەڕۆ لە پارێزگای سلێمانی/ بەشی گرێبەستەکان.

4- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

5-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (240) ڕۆژ ڕۆژی ڕۆژمێری ) .

6- ئەگەر ڕۆژی ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشووی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشووەکە دەبێتە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر .

7- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(2) ی ساڵی (2016) بێت.

8- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنێ بۆ ساڵی 2022.

9-پێویستە بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی ڕێگە پێدراو ( تخویل ) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

10-پێویستە کۆمپانیا پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابێ بۆ ساڵی 2022

11- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

12- کۆمپانیا بارمتەی یاسایی پێشکەش بکات بە بڕی (115,000,000 ) سەد و پانزە ملیۆن دیناری عێراقی بە چەکی پەسەندکراو یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی (118) ڕۆژ لە بەرواری داخستنی صندوقی تەندەرەوە.

13- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

14- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (90) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

15- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

16- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

17- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

18- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

19- پێوستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ( email ) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

20- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی بکات.

21-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی بەشی چاودێری وراهێنان/ کاروباری تەندەر بکات.

**((مەرجەکانی بەشداری کردن))**

1- ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە ( 1) دا بێت, وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت .

2- ئەو کۆمپانیا نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە ( 1) دا بێت و پێوستە دامەزراوبن بە پێی یاسا لەناو عێراقدا و لەفەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی —حکومەتی ئیتیحادیو /یان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمارکرابن .

3- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێوستە دامەزراوبن بە پێی یاسا لە دەرەوەی عێراق و بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمارکراوبن یان لقیان هەبێت لەهەرێمی کوردستان

**تێبینی:**

1-کۆمپانیا پێش کڕینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

2-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی وەبەرهێنان بۆ ساڵی 2022

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**

**جێگری پارێزگاری سلێمانی**

2022/ / ٥

**وێنەیەك بۆ:**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی 2/ سلێمانی /بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی سلێمانی /بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەوسپاردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگاداریتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بڵاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (0533193973) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر

ئە. ئامادەکاری تەندەر | ئە. چێکی تەکنیکی | ل.کاروباری تەندەر | بەڕێوەبەری گرێبەستەکان